وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

وزارة الداخلية
محافظة أربيل
مديرية العقود العامة

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان
ژمارە
٢٠١

ژمارە: (٥٠)

٢٠ / ٤ /٢٠٢١ زاینی

ئاگاداری

ب/ کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (١٤)

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەینێت بۆ پڕۆژەی (دابین کردنی پێداویستییەکانی چاندن و ئاودانی (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار نەمام لە سنوری پارێزگای هەولێر) کە (پارێزگای هەولێر) پێی هەلدەستێت. جا هەر بەلێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەلێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەلێندەر یا کۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش کەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێیەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر(١١)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٥ / ٥ / ٢٠٢١ دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەکەمان بە نزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت .وە کرێی بلاو کردنەوەی ڕاگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیای بیناسازی لە پلە (٧) کەمتر نەبێت و نوێ کراوە بێت .
- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەتی هەبێت .
- ماوەی پڕۆژە (١٤٠) ڕۆژی تقویمییە .
- کاتی بەسەر چوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژە لە بەرواری کردنەوەی تەندەرەکە.
- سزای دوا کەوتنی (٣٥٠,٠٠٠) سێ سەد و پەنجا هەزار دینارە بۆ یەك ڕۆژ .
- بەلێندەر دەتوانێت زانیاری زیاتر بە دەست بێنێت پێش کڕینی تەندەر بە سەردانی کردنی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتیەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر.
- بارمتەی سەرەتایی بەلێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان و بەلێندەر بکرێت و لەگەل تەندەر پێشکەش بکرێت بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی پشتگوێ دەخرێت .
- هیچ تەندەرێك وەرناگیرێتەوە لە دوای کات و ڕۆژی دیاریکراو لە سەرەوە .
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا یان مۆڵەتی نوسینگە لەگەڵ خۆی بێنێت وە بەناوی خۆی بێت ، ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت .
- فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە ، وە ڕۆژانە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی تاکو (١) دوای نیوەڕۆ دەبێت.

تێبینی :

دوو ڕۆژ پێش کردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .

ئومێد خۆشناو
پارێزگاری هەولێر
٢٠٢١/٤/

وێنەیەك بۆ :

✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەل ڕێزماندا ...
✓ بەڕێوەبەرایەتی تەندەرەکان
✓ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری
✓ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.
بۆ جێ بەجێ کردن و کاری پێویست......
✓ بەڕێوەبەرایەتی (I .T)
✓ ڕۆژنامەی خەبات / تکایە ئاگاداریەکە بلاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەل ڕێزماندا ......
✓ ڕۆژنامەی هەولێر / تکایە ئاگاداریەکە بلاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەل ڕێزماندا ......
✓ یەکیەتی بەلێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
✓ هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ کاری پێویست